





## نەرمین کاوانی:

# عاشقی شانۆم، بەڵام ڕەشبینیشم بە ڕەوشی شانۆ

*** لە بواری هونەریدا ئێستا خەریکی چیی؟**

- زنجیرە درامای (ڕۆژگارە تەریبەکان) کە ئێستا لە کەناڵی کوردستان تیڤی نمایش دەکرێت نوێترین کاری هونەریمە، هەروەها هەموو گرتەکانم لە درامای کەرکوک (٤) کە لە کەرکوک گیراوە، تەواو بووە ئەم درامایە لە دەرهێنانی هونەرمەند «ناسر حەسەن»ە. زۆر بەختەوەرم کە توانیم لە کارێکی ئاوها هونەریدا بەشدار بم، بەتایبەت کە لەگەڵ هونەرمەندانی کەرکوک کار بکەم و ئاشنایەتی دروست بکەم و کارەکەش بۆ کەرکوکی خۆشەویست بێت. بە هیوام بە کەمترین کات بگاتە قۆناغی مونتاژو و بە سەرکەوتوویی بگاتە بەر دیدەی بینەری کوردی، هەروەها بە خۆشەویستانم دەڵێم ئەوانەی بەردەوام نواندنی منیان لەلا پەسەندە و هانم دەدەن لە بەشی سێی (گەردەلول) دا بەشدارم و چەند دیمەنێکم بۆ وێنە گیراوە.



*** لەگەڵ مامۆستا یاسین بەرزنجی بەشداریت لە چەند کارێکی هونەریدا کردووە، ئەو گونجانە ئێوە و سەرکەوتنتان لە بینینی ڕۆڵەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-گومان لەوەدا نییە نواندن بەخشین و وەرگرتنە لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەردا ئیتر ئەو نواندنە بەهێز بێت یان بێ هێز ئەگەر هات و نواندنێکی باشم بەرامبەر بکرێت ئەوا هێز دەداتە من و نواندنێکی باش دەکەم بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئەکتەرێکی بێ توانا بەرامبەرت نواندن بکات کار لە تۆش دەکات. ئاشکرایە کاك یاسین قادر بەرزنجی ئەکتەرێکی بە تواناو بە ئەزمونە لە بواری نواندندا و کارەکەی خۆشدەوێت هەر بۆیە توانیومە نواندنێکی باشی بەرامبەری بەرجەستە بکەم و خۆشحاڵیشم.

*** یاسین بەرزنجی چ وەك ئەکتەر چ وەك مرۆڤێکی ئاسایی چ ڕۆڵێکی هەبووە لە زیاتر برەودان و پەرەپێدانی توانا هونەرییەکانی نەرمین کاوانی؟**

-ماموستا یاسین بەردەوام لە کاتی کارکردندا ڕاوێژم پێ کردووە و بیر و ڕامان گۆڕیوەتەوە و بە مامۆستای نواندن ناوم بردووە. بەردەوام بە وشەیەکی خۆشحاڵ دەبوم کاتێك کە کچەکەی سەردانی دەکرد لە کاتی کارکردندا بە دایە گیان ناوی دەبرد و ئەگەر کچەکەی لەوێ نەبوایە منی بە دایە گیان بانگ دەکرد کە ئەوە خۆشحاڵی دەکردم. یەکیکە لەوانەی کە بەردەوام هانم دەدات و نواندنی منی لەلا سەرکەوتووە و پێم دەڵێت تۆ داهاتووی نواندنی لە هونەری کوردیدا، بۆیە من سوپاسی دەکەم و هیوای لەش ساغی بۆ دەخوازم.

*** کارەکانت جورئەتێکی زۆریان پێوە دیارە، هۆکاری ئەم جورئەتەی نەرمین کاوانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- نواندن خۆی لە خۆیدا واتا جورئەت بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی وەك کومەڵگای کوردیدا کاتێك کەسێك بیەوێت ببێتە هونەرمەندێکی ڕاستەقینە و کارەکانی سەرکەوتوو بێت بە ڕاستگۆیانە بگاتە بینەر و بینەریش لێی ڕازی بێت دەبێت ئەو کارەی دەیکات وەك خۆی بیکات دوور بێت لە زۆر لە خۆکردن و ساختەیی پێوە دیار نەبێت. وەك بواری نواندن من قسە دەکەم، وەك ئەکتەر دەبێت بتوانیت هەموو کارەکتەرێك بەرجەستە بکەیت و بزانیت بۆچی نواندن دەکەیت بۆچی ئەو کارەکتەرە بەرجەستە دەکەیت کە وەریدەگریت ئەو کات ئامانجی خۆت دەزانیت و تەنها بیر لە سەرکەوتنی کارەکەت دەکەیتەوە، بێگومان







**نەرمین ئەحمەد کاوانی بە بینینی ڕۆڵەکانی لە شانۆ و دراما سەرنجی بینەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، نەرمین وەك ئەکتەرێکی بە توانا و جورئەت ڕۆڵی بەرچاوی لە هونەری نواندندا گێڕاوە، ئافرەتی هونەرمەندی شانۆکار، ئەگەر هەشبوویێت ڕەنگە دەگمەن بن ئەو ئافرەتانەی خۆیان لە قەرەی ڕۆڵێکی وەك (سەباو) بدەن، بەڵام نەرمین نەك تەنیا پێی ڕازی بوو بەڵکو بەشێوەیەك بەرجەستە و پێشکەشی کرد کە لەلایەن بینەر بە چاوی ڕێز و بایەخەوە سەیرکرا، بە هەمان شێوە لە شانۆگەرییەکانیش هەر ڕۆڵێکی بینی بێت جێی پەنجەی پێوە دیار بووە، نەرمین کاوانی بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.**

مێینە لە وڵاتی ئێمەدا ئەو بوونەوەرە ژێر دەستەیەیە کە بە ئاستەم دەتوانیت چەند دانەیەك دەست نیشان بکەیت ئازا و چاو نەترس بن.

پاڵپشتی و یارمەتی هاوسەرەکەم چەندە دڵخۆشم دەکات ئەوەندە و ئەوەندە دڵتەنگم دەکات کە گەیاندومییەتە ئەو بڕوایەی کە ئافرەت لە وڵاتی ئێمەدا ئەو مەڕ و ماڵاتەن کە بە بێ شوان گورگ دەیانخوات، کەواتە بەردەوام پێویستیمان بە پیاوێکە بۆ ئەو جورئەتە.

*** لەنێو کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگایەکی کوردی جۆرئەتی لەم چەشنە لایەنی سلبی یان ئیجابی لەسەر کەسایەتی نەرمین کاوانی هەبووە ؟**

- بمانەوێت و نەمانەوێت کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی چەق بەستوو و داخراوە کە ئاستەمە ژنێك بتوانێت ئەوەندە چاونەترس بێت داهێنان بکات و لە بوارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام نەرمین کاوانی لە ژیانیدا پشکی شێری بەرکەوتووە و توانیومە بە هاوکاری هاوسەری ئازیزم و ماندووبونێکی زۆرم بگەمە ئەو بڕوایەی دەبێت کارەکانم بە جورئەتەوە بکەم بۆیە ئەمە وایکردووە تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بم، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەڵێم: «کاریگەرییەکی زۆر ئیجابی هەبووە بۆ کەسایەتیم».لێرە و لەوێش کەسانێك بە»بڤە و عەیبە و حەرامە»ی دەزانن « بەڵام هیوادارم ئەوانەش تێبگەن کە پێشکەوتنی هەر گەلێك بە هونەرەکەیەوە پێناسە دەکرێت.

*** هۆی چ بوو لە بەشەکانی پێشتری (گەردەلوول) بەشدار نەبووی، لە بەشی سێیەمدا نیازی نییە بەشداری بکەی؟**

- بە خۆشحاڵییەوە لە بەشی ٣ گەردەلولدا بەشدارم و کەسایەتییەکی جیاواز لە کارەکانی ترم وەرگرتووە بە هیوام بتوانم کاری باشی بۆ بکەم.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانێت سەنگ و پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا بپارێزێت؟**

- هونەرمەند ئەو کەسێتییەکە لە کۆمەڵگادا پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێت و بە نموونە دەهێنرێتەوە و باسی دەکرێت، بۆیە دەبێت بزانیت چۆن سەنگ و پێگەی خۆت دەپارێزیت و سادە و ئاسایی مامەڵە بکەیت تا نموونە بیت بۆ خەڵکی.

*** وەك دەڵێن زۆر لە هونەرمەندان تووشی لە خۆبایی بوون دەبن، هۆکاری ئەم خۆلێگۆڕانە چییە؟**

- بەڵێ لە خۆبایی بوون «هەندێك» هونەرمەندی کوشتووە و بچوکی کردونەتەوە لەلای خەڵکی، خۆشەویستی خەڵك و گرنگیدان بە هونەرمەند لە لایەن خەڵکەوە وا دەکات هەندێکیان بەوە لە خۆیان بایی ببن و خۆیان بە گەورە بێتە بەرچاو، ئەمەش هەڵەیە و بە لاڕێ و ون بووندا دەیانبات، دەبێت هونەرمەند ئەو خۆشەویستی و بایەخە بقۆزێتەوە و کاری جوانتر و داهێنانی زیاتر بکات و هەوڵ بدات سادەتر هەڵسوکەوت بکات، چونکە بە ڕاستی هونەرمەند موڵکی خەڵکە و بۆ ئەوانیش کار دەکات.

***- لەم ماوەیەدا چەندین فیستیڤاڵی شانۆیی لە سلێمانی بەڕێوەچووە و بەڵام لە هەولێر و دهۆك هیچ فیستیڤاڵێك نەبووە، ئایا دەکرێ ئەمە بە نیشانەی پێشکەوتنی شانۆ دابنێین لەو شارەدا؟**

- منی عاشقی شانۆ بە داخەوەم زۆر ڕەشبینیشم بەرامبەر جوڵەی شانۆ و فیستیڤاڵەکان بە ڕاستی کاری زۆر و بۆری و سازدانی فیستیڤاڵ «واتای پێشکەوتن و کاری باش نییە» نەخێر بەڵکو تەنها پارە سەرفکردن و ناونانە بە فیستیڤاڵ و هەر ئەوەندە بڵێن فیستیڤاڵ ئەنجامدرا» ئیتر بەداخەوە دوای خۆی هیچ جێناهێڵێت و نابێتە هەنگاو لەمەشدا داوای لێبووردن دەکەم.

*** هیچ جارێك دەقێكت دەستنیشانکردووە، بۆ ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینی لە کارێکی هونەریدا؟**

- نەخێر جاری ئێمەی کورد نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستە، بەڵام جێگەی خۆشحاڵییە نووسەرێك بەتایبەتی کاراکتەرێك بۆ من بنوسێت و من نواندنی بکەم.

*** نەرمین کاوانی زیاتر لە شانۆ سەرکەوتووترە یان دراما؟**

- بێگومان شانۆ، بەڵام بە داخەوە شانۆ و کاری جدی نییە تا کاری تێدا بکەم بۆیە هەوڵمداوە تواناکانم لە بەردەم کامێرادا بەرجەستە بکەم بە هیوام بتوانم سەرکەوتوو بم.

*** دەستنیشانکردنت بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەی (من جیاوازم) چۆن بوو؟**

- من بە سروشتی خۆم وا دروست بووم کە ناگەڕێم بە دوای کاردا ئەمەش لە»لە خۆ ڕازی بوونمەوە نییە» بەڵکو بوونیادم وا خولقاوە و گونجاوترە لە کوێ پێویستە هەبم و لە کارێکدا بەشدار بم دەبێت داوا بکرێم منیش بەرێزەوە ئەگەر توانیم هاوکاری دەکەم.

بۆ بەرنامەی «من جیاوازم» سوپاسیان دەکەم منیان دەست نیشانکرد و پێیان وتم منیش قبوڵم کرد لێرەوە سوپاسی کاك زەهاوی و بەشداربووانی ئەو بەرنامەیە دەکەم بە ڕاستی ئەزموونێکی بەسوود و کاتێکی خۆش بوو.

***بەبێ مەرج ڕازی بووی لەم بەرنامەیەدا بەشدار بی؟**

- تەنها مەرجم، ئازادیم بوو لە»بەڵێ و نەخێر»ەکانمدا بە خۆشحاڵییەوە بەرنامەکە ئازادانە تیایدا وەڵام دەدرایەوە.

*** پێتوایە توانیبێتت بۆشایی (بەلقیس دۆسکی) پڕ بکەیتەوە؟**

- من و دکتۆرە هەریەکەمان کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆمان هەیە نکۆڵی ناکرێت دکتۆرە کەسێکی دەم بە خەندە و قسە خۆش بوو و بە توانا بوو لە دەربڕینەکانیدا، هیوادارم منیش توانیبیتم خزمەتێکی بچوکی گەنجە بەشداربووەکانم کرد بێت.

*** ئێستا زۆر لە هونەرمەندان روو لە پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەکەن، نەرمین کاوانی چۆن دەڕوانێتە ئەم دیاردەیە؟**

- ئاساییە لە هەموو دونیادا هونەرمەند بەرنامە پێشکەش دەکات گرنگ ئەوەیە بەرنامەیەك بێت هونەرمەندەکە بتوانێت لە ڕێگەیەوە خزمەت هەم بە خۆی هەم بە خەڵکی بگەیەنێت نەك وەك بوکەڵەیەك بۆ جوانی و هونەرەکەی وەك ڕیکلام بە کار بهێنن پێویستە بەشداری چالاکانەی هەبێت.



# ئاڤان و حەمە رەئوف کەرکوکی لە رۆژی جیهانی مۆسیقادا

هونەرمەند حەمە رەئوف کەرکوکی رایگەیاند بە نیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە بەشداری چەند هونەرمەندێکی دیکە کۆنسێرتێکی گۆرانی لە شاری سلێمانی ساز بکات.

حەمە رەئوف دەربارەی ئەو کۆنسێرتە زیاتر گوتی: کۆنسێرتە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کەلەپوری کوردی ئەنجام دەدرێت بەبۆنەی رۆژی جیهانی مۆسیقاوە و هەر یەکە لە هونەرمەندان ئاڤان جەمال و سوارە محەمەد و مەحمود محەمەد بەشداری تێدا دەکەن، گۆرانییەکانیش لەشێوەی ئەو کۆنسێرتانە دەبن کە تا ئێستا بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند ئاڤان جەمال پێشکەشی کردوون.

سەبارەت بە بەرهەمی داهاتووشی گوتی: بێگومان هونەرمەند هەمیشە بیر لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێ دەکاتەوە، بەڵام ئێستا هیچ شتێکی وا نییە کە شایەنی باس کردن بێت، بەڵام لە کاتی خۆیدا هەر شتێکی نوێ هەبێت رایدەگەیەنم.



# شاکیرا، تۆپی پێی ئافرەتان سەرنجم راناکێشێت

کچە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی بەرەچەڵەک لوبنانی، شاکیرا رایگەیاند کەوا لە ئەڵمانیا نامینێتەوە بۆ سەیر کردنی مۆندیالی ئافرەتان کە لەو وڵاتە ساز دەکرێت، چونکە تەنیا گرنگی بە تۆپی پێی پیاوان دەدات.

شاکیرا روونی کردەوە تۆپی پێی ئافرەتان زۆر سەرنجم راناکێشێت، بە بەراورد لەگەڵ تۆپی پێی پیاوان. ئەوەشی نەشاردەوە کە زیاتر لەبەر خاتری جیرارد پیکێی یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە زیاتر سەیری تۆپی پێ دەکات، بەڵام شاکیرا ئەوەشی راگەیاند کە لە دڵەوە حەز دەکات هەڵبژاردەی ئافرەتانی کۆلۆمبیا بتوانێت جامەکە بەدەست بهێنێت هەرچەندە ئەمە یەکەم جارە بەشداری لەم مۆندیالەدا دەکات.



# بەرهەمی نوێی هونەرمەند نازم عەلی ئامادەیە

هونەرمەندی موزیکژەن نازم عەلی رایگەیاند کە دوای ماوەیەك لە کار کردن ئێستا سیدییە نوێیەکەی ئامادەیە کە چەندین پارچە مۆسیقای فۆلکلۆری رەسەنی کوردی لە خۆ دەگرێت.

نازم عەلی لە پەیوەندیەکیدا لەگەڵ گوڵان گوتی: ئەم سیدییە نوێیە چەند پارچە مۆسیقایەکی هونەرمەندانی کورد عەلی مەردان، نەسرین شێروانی، حوسێن عەلی، شەماڵ سائیب و عیسا بەرواری لە خۆ دەگرێت، ئێستا سیدییەکە ئامادەیە و خۆم بە تەنیا هەموو ئامێرەکانم ژەنیوە لە عود و قانون و دەف و چەلۆ و شمشاڵیش، نوێکردنەوەی ئەم پارچە مۆسیقایانەش وەك وەفایەکە بۆ ئەم هونەرمەندە نەمرانە کە لە سەردەمە جیاجیاکاندا و بە هەموو شێوەیەك خزمەتی هونەری کوردییان کردووە.

هونەرمەند نازم عەلی ئەوەشی راگەیاند ئەوەی مابێت لە کارەکانی سیدییەکە تەنیا دیاریکردنی ناوێکە کە تا ئێستا ناوم بۆی دانەناوە.

# هۆکاری نەخۆش کەوتنی سیلینا گۆمیز چی بوو؟



ماڵپەڕی (TMZ)ی ئەمریکی بڵاویکردەوە کە کچە هونەرمەندی ئەمریکی سیلینا گۆمێزی تەمەن ١٨ ساڵ بەر لە چەند رۆژێك لە ناکاو نەخۆش کەوت و لە نەخۆشخانە مایەوە دوای ئەنجامدانی چەند پشکنینێك دەرکەوت کە هۆکاری نەخۆشییەکەی بریتییە لە بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، نەك سکپڕی وەك ئەوەی پێشتر راگەیەندرابوو، بەڵام هۆکاری بەرزبوونەوەی فشاری خوێنی ئاشکرا نەبوو، پێش چەند رۆژێکیش لەم رووداوە سیلینا بە چەند کەسێکی نزیك خۆی راگەیاندبوو کە ماوەیەك هەست بە سەر ئێشەیەکی زۆر دەکات.



# لۆکە دوو ئەلبوم لەیەک کاتدا بڵاو دەکاتەوە

هونەرمەند لۆکە کۆتایی بە کارەکانی هێنا کە دوو ئەلبومی نوێن، یەکێکیان بە زاراوەی سۆرانی کە لە ١٢ گۆرانی پێکهاتووە و سەرجەم میلۆدیەکانی لەلایەن هونەرمەند (هەڵکەوت زاهیر) دانراوە.

بریارە لە ئایندەیەکی نزیکدا چەند گۆرانییەکی ئەم بەرهەمە بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ تۆمار بکات، ئەلبوومێکیشی بە زارەوەی کرمانجی داناوە، کە لە ٩ تراك پێکهاتووەو سەرجەم میلۆدیەکانی ئەو ئەلبوومەش لەلایەن هونەرمەند (هەڵکەوت زاهیر) دانراوە، هەروەها یەکێك لە تراکەکانی ئەم ئەلبومەی بە زمانی فارسی وتووەو کە پێشتر بڵاو کرایەوە، هەروەها لۆکە زاهیر ڕایگەیاند لە ئەلبومەکانی پێشوومدا چەند گۆرانییەکم بە زاراوەی کرمانجی وتووە، بەڵام وام بە باش زانی ئەلبومێك بکەم گشت گۆرانییەکانی بە زاراوەی کرمانجی بن و هیوادارم جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت.

# هەڤاڵیش چاوەڕێی کۆمپانیایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی

هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم رایگەیاند ئێستا چەند گۆرانییەکی نوێی ئامادەیە بۆ تۆمار کردن و بڵاوکردنەوە، بەڵام تاکو کۆمپانیایەك نەبێ ئەرکی سپۆنسەری و بڵاوکردنەوەی بگرێتە ئەستۆ ئەوا دەست بە تۆمار کردنیان ناکات.

هەڤاڵ ئیبراهیم لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان ئەوەشی راگەیاند کە مەسەلەی سپۆنسەری یان لە ئەستۆ گرتنی بەرهەمەکەم لەلایەن کۆمپانیایەك یان لایەنێکی هونەری بەلای منەوە زۆر گرنگە، بۆیە هەر کاتێك لەگەڵ کۆمپانیایەك یان دەزگایەکی هونەری گەیشتمە رێکەوتنێك ئەوا کاری زیاتری بۆ دەکەم و هەوڵدەدەم شتێکی باش و پڕ بەها پێشکەش بە جەماوەرەکەم بکەم و دڵیان بە بەرهەمێکی نوێ خۆش بکەم.

دەربارەی کار و چالاکییە هونەرییەکانی خۆی، هەڤاڵ ئیبراهیم رایگەیاند کەوا بڕیارە ئەم هەفتەیە ئاهەنگێکی خێزانی لە شاری دهۆك ئەنجام بدات، هەروەها خۆیشی ئامادە دەکات بۆ فیستیڤاڵێکی هونەری کە بڕیار وایە بەم نزیکانە لە کوردستان ساز بکرێت.



# هونەرمەندانی كورد وەك پێویست ناوبانگیان دەركردووە؟

ت/ ڕۆشنە عومەر


لوقمان سەلیم


حەسەن شەریف


تارا ڕەسوڵ


سەید ئەحمەد ڕەواندزی

مەسەلەی ناوبانگ دەركردن و ناسینی هونەرمەندان بابەتێكی گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێك، چونكە بەو ڕێگایەوە لەلایەن جەماوەر دەناسرێت و جەماوەر ئاستی هونەری و ڕادەی خۆشەویستی لەلایەن قبوڵ كردنی ئەو هونەرەی پێشكەشی دەكات ڕوون دەكاتەوە، كەواتە جەماوەر پێوەری سەرەكییە بۆ ناسین و سەركەوتنی هونەرمەند، لە كوردستانیشدا وەك گشت شوێنێكی جیهان ئەم مەسەلەیە هەمان گرنگی هەیە، لە كوردستان هونەرمەند نەیتوانیوە وەك پێویست سوود لە ناوبانگ وەربگرێت، هەروەها ئەوەی جێگای داخە بەشێكی هونەرمەندان هەن، تەنیا لە دەڤەر و ناوچەكانی خۆیان ناسراون و ناوبانگیان سنووری ئەو دەڤەرانە تێپەڕ ناكات، لە بەرامبەردا هەندێك هونەرمەند هەن تەنیا بۆ دەركردنی ناوبانگ و دەركەوتن كار دەكەن بێ ئەوەی مەبەستی سەرەكییان خزمەت كردنی هونەری كوردی بێت و هەندێك هونەرمەندی دیكەش هەن بەڕێوەبەری كاریان بۆ خۆیان داناوە، بۆ قسە كردن لەسەر ئەم بابەتە چەند هونەرمەندێكمان هێنایە ئاخافتن.

بەرپرسی قاڵبی هونەری: خەلیل بلەیی xalil2001@yahoo.com Mobile: 07504494920

**سەبارەت بەم پرسە هونەرمەند حەسەن شەریف بەمشێوەیە رای خۆی دەربڕی:** بە ڕاستی ئەمە بابەتێکی گرنگە، بەڕای تایبەتی خۆم هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە سیاسییە کوردییەکان، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو لە ئەوروپا ئەو ئاهەنگ و کۆنسێرتانەی کە ساز دەکران راستە هونەرمەندەکان کورد بوون، بەڵام دوو دیالیکتی پێوە دیار بوو بەجۆرێك هەستت دەکرد کە هونەرمەندێکی دهۆك رەنگە وەك پێویست لای خەڵکی هەولێر و سلێمانی ناسراو نەبێت و بەپێچەوانەشەوە، ئێستا ئەم دیاردەیە خەریکە نامینێت.

ناسراو بوونی هونەرمەندانی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان کارێکی زۆر پێویستە، بەڵام ئەمەش پەیوەستە بە خۆشەویستی و ڕێز گرتنی میللەتی کورد لە هونەرمەندانی خۆی، بۆچی تا ئێستا هونەرمەندانی ئێمە ناوبانگیان نییە، دەتوانم دەیان هونەرمەند بە نموونە بهێنمەوە کە دەتوانن لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان ئاهەنگ و کۆنسێرتی گەورە ساز بکەن، بەڵام ئەو گرنگی و بایەخ پێدانەی لایەنە پەیوەندارەکانی کوردستان بە خەڵکانی بێگانەی دەدەن بە هونەرمەند و کەسایەتییە ناودار و ناسراوەکانی کوردی نادەن، ئێمە لێرە هەوڵی زۆرمانداوە کە جگە لەوەی کوردەکان فێر بکەین گوێ لە هونەر و مۆسیقای رەسەنی خۆیان بگرن، لە هەمانکاتدا کارێکی وا بکەین بیانییەکانیش گوێ لە هونەری ئێمە بگرن و ئاشنا بن پێی، هەروەها هەوڵمانداوە هونەرمەندی کورد لای خەڵکەکەی خۆشەویست بێت و ئیدی لە چوارچێوەی پروپاگەندە دەربچن، بەڵام بەداخەوە دیسان دەیڵێمەوە لەبەر بەرژەوەندییە تەسکەکان نەتوانراوە ئەو کارە وەك پێویست بکرێت، من وەك حەسەن شەریف هەست دەکەم ئەو کۆتەم شکاندووە، بۆ من هیچ جیاوازییەك نییە، هەوڵ دەدەم بە دەنگی خۆم دڵی هەر دایك و کۆرپەیەکی کورد خۆش بکەم.

**هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوچەی بادینان (هەڤاڵ ئیبراهیم) لەمبارەیەوە بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی:** (پێموایە تا ئێستا هونەرمەندانی کورد، لە ٪٧٠ سوودیان لە ناوبانگی خۆیان وەرنەگرتووە، چونکە هونەرەکەمان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، جگە لەوانەش هونەرمەندانی ئێمە تا ئێستا ئەو ئاستە هونەرییان نەبووە بتوانن بازاڕێك بۆ خۆیان پەیدا بکەن، من وەك ( هەڤاڵ ) تا ئێستا هیچ سوودێکم لە ناوبانگی خۆم وەرنەگرتووە).

هونەرمەندانی کورد پێویستە دوورنەبن لە جەماوەر و ناز نەکەن و پێویستە لە پرۆگرامە هونەرییەکان و لێدوان بۆ رۆژنامەکان خۆیان بەدوور نەگرن، چونکە ئێمەی هونەرمەند بە جەماوەر و گوێگرانی هونەرییەوە جوانین، ئەگەر ئەوان نەبن ئێمە گۆرانی بۆ کێ دەڵێین؟!.

هەڤاڵ ئیبراهیم دەربارەی هەبوونی بەڕێوەبەری کاری هونەری بۆ هونەرمەند تا چەند پێویستە دەڵێت: پێموایە هەبوونی بەڕێوەبەری کاری هونەری بۆ هونەرمەندان کارێکی پێویستەو ئەتەکێتی ڕێکخستنی کارە بۆ هونەرمەندەکە، بەڵام پێموایە هونەرمەندێك ئەگەر ئەوەندە ناوبانگ و بەرهەمی چاکی هونەری نەبێت بەڕێوەبەری هونەری بۆچییە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە هەندێك گۆرانیبێژ بەڕێوەبەری کاری هونەریان بۆ خۆیان داناوە کە هەر پێویست ناکات، جگە لەوەش وای لێهاتووە کەسێك وەڵامی تەلەفۆنی هونەرمەندەکە دەداتەوە دەڵێ فەرموو من بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندەم، ئاخر لە هەموو دونیادا بەڕێوەبەری کاری هونەری کاری ئەوە نییە، بەڵکو ئیش و کاری بەڕێوەبەری کاری هونەری بریتییە لە ڕێکخستنی کارە هونەرییەکانی ئەو بۆندانەی بۆ ئەلبوم و کلیپەکانی دەکرێت، یا سازدانی کۆنسێرتەکانی، بۆیە پێموایە ئیش و کاری بەڕێوەبەری کاری هونەری پێویستە دیار بێت، ئەگەر پێویست بکات هونەرمەندەکە هەیبێت.

**هونەرمەند لوقمان سەلیم وتی:** خۆی ئەمە دیاردەیە بۆتە دیاردەیەکی چاولێکەری لەنێوان هونەرمەندانی کورد کەچاو لە هونەرمەندانی تورك و فارس و عەرەب دەکەن، دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە لەزۆربەی وڵاتەکان هەیە . ئێمەش حەز دەکەین هونەرمەندمان هەبێت بەناوبانگ بێت لەنێو خەڵك، بەڵام بەناو بانگییەکەی لەسەر ئاستی هونەرەکەی بێت نەوەك ناوەکەی بۆش بێت. دەبێت هونەرمەند زیاد لەپێویست خەمی هونەرەکەی بخوات نەوەك ناوبانگی بتوانێت ژێرخانی هونەرەکەی بەرەو پێش ببات من لەگەڵ ئەوەنیم بەتەنیا بۆناوبانگ کاری هونەری بکرێت چونکە لەئایندە بەرپرسیاردەبێت بەرامبەر بەهونەرەکەی خۆیەوە.

لوقمان دەڵێت (سەیرم پێدێت ڕێزم هەیە بۆ ئەوهونەرمەندانەی کەئێستا لەم شێوەیان هەیە بەڵام زیاتر ئەم دیاردەیە بۆتە چاولێکەری بەڕای من بوونی بەڕێوەبەری کار هێشتا زووە بۆ هونەرمەندانی ئێمە).

**هونەرمەند تارا ڕەسول دەڵێت:** ئەو هونەرمەندانەی کە بەشێوەیکی کاتی ناوبانگیان هەیە بەوانە ناڵێین هونەرمەند . بەڕاستی ئەگەر هونەرمەند بی لەوکاتە دەست پێدەکەی تاژیانت مابێ لەتوانات هەبێ کاری هونەری بکەی. بەداخەوە لە لای ئێمە ئەم شتانە زۆر کەمە لەڕاگەیاندنەکان بەهەموو کەسێك دەڵێن هونەرمەند، کەسەکە هێشتا گۆرانی نەوتوە دەڵێن پرێس کۆنفراسی هەیە، بۆیە من بەو جۆرە هونەرمەندە کاتیانە ناڵێم هونەرمەند. لەکوردستان بواری گۆرانی ووتن زۆر هەژارە، بۆیە هەموو کەس پێی دەوێرێت هەرکەسە لەلای خۆیەوە گۆرانی دەڵێت. زۆرجار شەرم دەکەم بڵێم گۆرانیبێژم، چونکە بە ڕاستی گۆرانیبێژی زۆر خرا پ هاتۆتە نێو دونیای هونەری، ئێستا کۆمەڵێك هونەرمەند هەن من حەز ناکەم قسەیان لەسەر بکەم . ئەو هونەرمەندانەی کە کاتین تا ئێستا نازانن بەڕێوەبەری کار چییە تەنیا تەلەفۆنێکیان هەیەو دەیدەنە دەست کەسێکی تر. خۆی بەڕێوەبەری کار شتێکی زۆر باشە هەتبێ چونکە ئێستا کەسی زۆر بێ ئەزموون هەن لە بواری هونەری ڕاگەیاندن کار دەکەن بۆیە پێویستە یەکێك هەبێت کارەکانت بۆبکات بەس دەبێت کەسێکی شارەزابێت.

**هونەرمەندی موزیکژەن سەید ئەحمەد رەواندزی دەڵێت:** زۆرن ئەو هونەرمەندانەی ئەمڕۆ لە بواری گۆرانیدا کار دەکەن بۆ خزمەتکردن بە هونەری کوردی کار دەکەن، بەناوبانگی هونەرمەند و کار کردن بۆ پەیدا کردنی ناوبانگ دوو شتی لە یەکتر جیاوازن، هەندێك لە گۆرانیبێژانمان هەیە گەیشتوونەتە لۆتکەی داهێنان، ئەمانە بە کارە جوانەکانی خۆیان لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان ناسراون و وایانکردووە کە گۆرانییەکانیان لەناو خەڵك بە زیندوویی بمینێتەوە، بەڵام بە داخەوە هەندێك لە گۆرانیبێژانمان بەتایبەتی گەنجەکان تەنیا دوو گۆرانیان هەیە، دەبینی جامی ئۆتۆمبیلەکەی رەش کردووە و بەڕێوەبەری کاری بۆ خۆی داناوە، ئەگەر کەسێك تەلەفۆنی بۆ بکا رەنگە خۆی وەڵام نەداتەوە، ئەمە جۆرێکە لە (لەخۆباییی بوون) و بەو کارەی دەیکەن ناز بەسەر خەڵکەوە دەکەن و جۆرێکە لە لوتبەرزی و جیاکردنەوەی خۆیانە لە خەڵکانی تر، بەجۆرێك هەندێکیان لە ماڵیش نایەنە دەرەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر مرۆڤ چەند زانیاری و زانستی زیاتر بێت لە بواری گۆرانی و مۆسیقا دەبێ زۆر بە سادەیی و ساکاری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵك بکات و زیاتر بچێتە ناو خەڵك، ئامۆژگاریم بۆ ئەوانەیە کە زیاتر بچنە ناو خەڵك تاکو خۆیان زیاتر رۆشنبیر بکەن و زانیاری وەربگرن و لە ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن، دانانی بەڕێوەبەری کار بۆ ئەم هونەرمەندانە بەکارێکی نەشیاو دادەنێم، ئەو هونەرمەندە پێویستی بە بەڕێوەبەری کار هەیە کە سالانە ١٠ کۆنسێرتی هەبێت رەنگە لەبەر سەرقاڵ بوونی نەتوانێت خۆی گشت کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات ئەو کات کەسێك دادەنێت کە کارەکانی بۆ ئەنجام بدات و کار ئاسانی بۆ بکات، یان ئەو هونەرمەندانەی زیاتر لە کارێك ئەنجام دەدەن.